بەرگی یەکەمی دیوانی

# فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی



CamScanner

- دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی
- پیتچنین: خۆشی فەرەیدون
- نەخشەسازی و مۆنتیفی کۆمپیوتەری: هەڤاڵ ئەبوبەکر
- چاپ: چاپخانە و ئۆفسێتی تیشك
- چاپی یەکەم / ۲۰۰٤ / سلێمانی
- ژمارەی سپاردن: (٦٤٣) ساڵی ۲۰۰٤ی وەزارەتی ڕۆشنبیری


CamScanner

# پێشەکی

خۆشەویستان...

ئەم دیوانەی بەردەستت ئەو شیعرانەن کە لەهەر سێ کۆمەڵە هۆنراوەی (نیگای حەزێکی ئاوارە - ١٩٧٧) و (ڕۆژان ئەڕواو تۆ هەر خۆشەویستی منی – ١٩٨٣) و (کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە – ١٩٩٨) دا بڵاوکراونەتەوە. جگە لەو شیعرانەش، چەند شیعرێکی گرتۆتە خۆ کە لەو کۆمەڵە هۆنراوانەدا بڵاونەکراونەتەوە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە نەمویستووە بەهیچ جۆرێک دەستکاری شیعرەکان بکەم، بۆ ئەوەی بە ڕەنگ و دەنگی سەردەمی وتنیانەوە بمێننەوە و بکەونە بەردیدەی ئێوەی خۆشەویست.

تەمەنتان درێژو پڕ خۆشەویستی بێت.

فەرەیدون

٢٠٠٤/١٠/٢

CamScanner

# دیاریی شاعیر



CamScanner

تەنیا دیاریم هۆنراوێکە ..،
بۆم هێناوی لێم وەرگرە ..
ئەگەر هاتوو وشەکانی
وەکو لێوت ناسک نەبوون
سەریان بڕە ..

*　*　*

گۆرانی بۆ تۆ ئەڵێم و
گوێم لێگرە ..
گیانە ئەگەر ئاوازەکەی
وەکو قاقای تۆو گریانی من
بەجۆش نەبوو..،
نۆتەکانی لەتوپەت کە
بییان دڕە..

٤ ئابی١٩٧٧

# بەیادی گۆرانەوە



CamScanner

ئێوارەیە

دامەگەڕێ و

شەقامەکە لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە

ئەو لاوانەی لەسەر ڕێتان

دڵیان مشتێ گۆشت وخوێنە ..

ئێوارەیە دامەگەڕێو

شەقامەکە

لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە

* * *

ئێوارەدێ و

خەڵکی هەموو چاوەڕوانن

تاتێپەڕی و بەتاسەوە بۆت بڕوانن

منیش وەکو ئەو لاوانە

دەمی حەزم گاز ئەگرێ لە

هەموو پارچەیەکی لەشت ..

چاوم تینووی سەرنجێکە

تامەزرۆیەو سەرنج ئەدزێ

لە نیگای دووچاوی گەشت ..



CamScanner

دەسا چیتر نەمامی حەز

لە خاکی دڵما مەڕوێنە ..

ئێوارەیە دامەگەڕێ و

شەقامەکە لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە ..

*     *     *

تێ ئەپەڕی و

هەنگاوەکان ونت ئەکەن ..

ئەی شۆخەکە

دەپێم بڵێ کە ون ئەبی

هەنگاوەکان بۆ کوێت ئەبەن ؟..

ون ئەبیت و

سەرنجی ئەم هە موو لاوە

بە شوێنتا بێ سەرو شوێنە ..

ئێوارەیە دامەگەڕێ و

شەقامەکە لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە ..

ئەیلوولی ١٩٧٧



CamScanner

# دوو دیمەن



CamScanner

لە پەنجەرەی کۆشکێکەوە

تێرێک دەستی

بەورگی خۆیا ئەهێناو..،

ئە یووت سەیرە

هێجگار سەیرە ..

چۆن لەتیٚ نان

ئەبێتە تە نیا دروشمیٚ

بۆ شۆڕشی برسییەکان ؟..

*        *        *

دنیا شەوبوو

برسییەکیش

لە کەلاوە یەکی کۆنا

بەئاگا هات ..

سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان

مانگی لیٚ بوو بە لەتیٚ نان !..

١٥ شوباتی ١٩٧٨



CamScanner

# عاشق چاوی

# لەئەودیوی شتەکانە

خۆشەویستی خۆی ئەزانێ
دڵی شاعیر چەند گەورەیە
شاعیر ئەمرێ و
حەزەکانی بە هە تیوی گەورە ئەبن
وەکو پیرێک
گەنجێتی لەخوێنیا بژی ..
بەهیوا ی عومرێکی ترم
هیوا کانمی تیا بێتەدی ..

* * *

من عاشقم
عاشق چاوی لە ئەو دیو ی شتەکانە ..
بۆیە لەو دیو
نیگای چاوەکانی تۆوە
ڕەنگی بەیانی ئەبینم
لە دەروونتا نەخشەی جیهانێکی تیایە
خەڵکەکەی هەموو شاعیرن ..
بۆ عیشق وجوانی ئەنووسن

١٩٧٨

# نامەیەکی کراوە بۆ

# خاتو زین



CamScanner

شیعر هاوڕێ ی

شەوانی تەنیایی منەو

منیش هاوڕێ ی خەمەکانی تۆم خاتوزین

شیعر ژانێکی بەسۆیەو

لەگەڵ خۆشەویستی تۆدا

لەناو سنگی منا ئەژین

ئەی خاتوزین

*   *   *

عەشقێکی شێت منی کردۆتە دەروێشێ

بیابانی خاکێکی  سوور

خۆشم ئەوێ ی

وەکو خۆشەویستی نالی بۆ شارەزوور

*   *   *

منی سەر شێت

لەزمانی ترس ناگەم

بەسەر لاشەی شەوەکانا

هەنگاو ئەنێم

تا چەپكێ تیشكی خۆر بچنم

بۆ سنگی تۆی خۆشەویستم

*   *   *

ئای گیانەكەم

دڵی شەو چەندەتاریكە

بەڵام من هەرچاوم لە ئەستێرەیەكە ..

ئەڵێ وەرە

لەباتی گوڵ

بمدە لەقژی خاتو زین

# جۆلانە

تۆ هۆنراوەی
هۆنراوە تۆی ..
خورپەیەکیت بەناخی شاعیرێتیما
دێیت و دەڕۆی ..
بۆ کوێ دەڕۆی ؟..
گەر سەرماتە ئەوە گڕی شیعرەکانم
گەرمی و ڕووناکیت دەداتێ..
گەر دەترسی
شیعر دەکەم بە پەرژین و
هەر چوار لاتی پێ دە تەنم
تا دەستی کەست نەگاتێ !..
* * *

چ دنیایەک
هێندەی سنگ و دەروونی من
فراوانە ؟..
لە دڵمابە گەر پرسییان
«ئەڵێم دڵم جێ ی کیژێکی خانومانە
منداڵە ئۆقرە ناگرێ
بۆم دروست کردووە جۆلانە ..»*

١٩٧٩/١/٢٣

---

* کۆپلەیەکی مامۆستا هێمنی شاعیرە.


# ئەی ناسکتر لە شیعری جوان

نەتزانیوە
کە شاعیریٚ بە تۆ دەگا ..
شنەی نیگات
پەپولەی خەیاڵی مەستی
بۆ کویٚ دەبا ؟..

*　　*　　*

ئەی ناسکتر
لە شیعری جوان ..
خۆشەویستیم گەورەترە
لە مەداری سوڕانەوەی ئەستێرەکان ..
دە هیچ نەبیٚ
ئاوڕێک لە سیمای تەڵخی
ئەم غەریبە بدەرەوە ..
دەرێگایەک .. دەجێگایەک
بۆ ئەم حەزە نامۆیەی من بکەرەوە ..

نیسانی ١٩٧٩



# حەزێکی شێت

کە جێم دێڵی

هەموو شتێ

نیشانەیە بۆ تەنیایی ..

من ئەزانم چیرۆکی ئەم حەزە شێتە

فلیمێکە بێ کۆتایی

بۆیە ئەبێ

فرمێسک لە چاوی هەڵبەستما

شتێک بێ زۆر زۆر ئاسایی ..

*  *  *

ئەی ئەو کەسەی

لەناو دڵما گەورە ئەبی و

تاجی وڵاتی شیعری من

لەسەر ئەکەی

بەعەشقی تۆ بۆ نەسووتێم

چی لە عەشقت پیرۆزترە ؟ ..

تۆ نازانی بە نیگای ئەو جووتە چاوەی

لە ئەستێرەی ئاسمان ئەچن

پەپوولەی گیانی مردووی من



CamScanner

بۆ کوێ ئەبەی ؟ ..

کە نیگا گۆڕینەوە

چەپکێ خەمی

سەوزو شیرین گەورە ئەبێ

دەچاوەکانت دا مەخە

دا یان مەخە

ئەی فێر نەبووی

چۆن لە خەمی شاعیر بگەی ؟..

* * *

تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم

خۆشەویستیت .. ،

خەمێکی هێجگار گەورەیەو

خۆشم ئەوێ

لەدڵما جێ ی نابێیتەوە ..

ئەترسم دڵم بتەقێ

ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە ..

ئەوسا گڕی حەزێکی شێت

هەموو گیانم ئەسووتێنێ



CamScanner

ئیترکێ شیعرت بۆ بڵێ؟..
کێ بگری بۆ
نیگای چاوت ؟..
کێ بێ خەمت لەگەڵ بەشکاو
بتوێتەوە
لەگەڵ دەربڕینی ناوت ؟..

٨ی حوزەیرانی ١٩٧٩

# کێ وەکو من خۆشی ویستووی

بۆ بیْ دەنگی ؟..

کیْ وەکو من خۆشی ویستووی ؟..

کیْ وەکو من

هۆنراوەی جوانی بۆ وتوی؟..

بۆ بیْ دەنگی ؟..

کام نهێنی لە ناو دڵتا حەشار ئەدەی ؟..

تاکەی بارگەی پرسیارێکی

بیْ سەرەتا

لەدەروونی خۆتا ئەخەی ؟..

* * *

دەبدویْ با

گوێم لە ئاوازی دەنگت بیْ ..

لەسەر سنگی خۆت بمنوێنە

با سەری پڕ لە ئەندێشەم

فێری خەوی سەر سنگت بیْ

فێرم کە باگەورەتر بم

لەو خەمەی کە سەرم ئەخوات ..



CamScanner

فێرم کە بابەهێز تربم

لەوگێژاوەی

هەر ناشزانم بۆ کوێم ئەبات ..

*　　*　　*

ئەو شیعرانەی بۆتۆی ئەڵێم

خوورپەی دڵی شاعیرێکن

ترپەی دڵی شاعیرێکن

تەنیا شیعرو


خۆشەویستی تۆ شک ئەبا ..

کەی ئەی گەیتێ

ئەوا عەشقت بۆتە گڕو

ئاگر لەگیانی بەرئەدا ؟..

١٩٧٩/٧/٢٢



تۆ

هەرچی جوانە لە تۆ دەکا

عەشقت خوێنە

بەدڵما هاتوچۆ دەکا

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە دەبێ

سەوز دەبێ و چرۆ دەکا

گیانە ئەوەی

لەمن زیاتر تۆی خۆش دەوێ

بێ گومان بە درۆ دەکا ..

ئابی ١٩٧٩



CamScanner

ڕۆژان ئەڕواو

تۆ هەر خۆشەویستی منی

ئەی ئەو کەسەی هەتا ئەمرم
گوڵی شیعر بۆ تۆ ئەگرم
خۆش ویستنێک خۆشم ئەوێ ی
هیچ یاسایەک نەیویستبێ
هۆنراوەیەکت بۆ ئەڵێم
هیچ شاعیرێ نەیوتبێ
شیعرێ خۆش تر بێ لە ناوت
شیعرێ گەش تر بێ لە چاوت
شیعرێ ڕەنگی وەکو ڕەنگت
شیعرێ ناسک تر لە دەنگت

*         *         *

نە تۆ دیاری، نەمن دیارم
هەردوو نادیار
کەوتبوینەتە
بەر چەپۆکی دەستی ڕۆژگار
ئێستاش پەپوولەی ماچی من
بەسەر گوڵی لێوتەوەیە !..
بیرتە شەوان
ئەو شەوانەی
کە پێکەوە ڕێمان ئەبڕی
چیمان ئەوت ؟..
هەموو عومری گەنجێتی من



CamScanner

تەنیا ئەو یەک، دوو شەوەیە ..

*　　*　　*

ئالەم شەوە بێ تۆیەدا
ئای چۆن دەنگێکم بتگاتێ ؟..
کێ بێ وەکو فریشتەیەک
هەواڵێکی تۆم بداتێ ؟..
ئەی ئەو شۆخەی
هەرچی سۆزی دنیا هەیە
لە باوەشتا کۆبۆتەوە ..
ئاخۆ ئێستا
لەگەڵ یادی منا ئەژی و
منت لە بیر نەچۆتەوە ؟..

١٩٧٩/١٢/٢٣

بەغداد

# بۆ نەسوتێم



CamScanner

ئەزانم ڕۆژێ دێ ئەمرم ..
بێ ئەوەی کە
ئەوەی هەموو دنیای منە
جارێکی تر
تاوێ لە باوەشم بگرێ و
تاوێ لە باوەشی بگرم
*　　*　　*

ئەگەر ئێستا لەلام ئەبووی
ئەتزانی چۆن
لەناو دۆزەخی دووریتا
شەو تا بەیانی گڕ ئەگرم ..
هەناسەیەک بێ تۆ ناژیم ..
بۆیە ئەبێ لەناخەوە
بۆ کۆستی گەورەی دڵ بگریم ..
*　　*　　*

بۆ کێ بگریم ؟..
بۆ ئافرەتێ
بەدرێژایی وەرزێکی پڕ خۆشەویستی

دڵداری ئەکردم ؟..

بۆ ئاف

ڕۆژی دە جار

بۆم ئەمردو..

بۆی ئەمردم ؟!

*        *        *

ئەی کوانێ کوا ؟..

خۆشەویستی جاران کوانێ

بەرەو کوێ چوو

چی بەسەر هات ؟..

قسەو گفت و پەیمان کوانێ ؟..

بۆچی ئەبێ

تەنیا هەر من

خۆشەویستی بمبا بەرەو

سەد کارەسات؟..

*        *        *

ئەو کاتانەی

لە ئەوینی سوتێنەری



CamScanner

یەکتریدا ئەتواینەوە
وشەم ،شیعرم،خۆشەویستیم
لەلات گەورەو بێ هاوتا بوو..
شێوەم لەناو
نیگای چاوەکانتا ڕوابوو..
ئەوەی لای تۆ
لەمن گەورەو بەرزتربوو
تەنیا خوا بوو..

*　　*　　*

گوایە تۆ لە بیرت چووە
بەدرێژایی وەرزێکی پڕ خۆشەویستی
چیت کردووە ؟
چیت وتووە ؟
گەر ئاوڕێک لەو ڕۆژانە بدەیتەوە ..
تەنیا ساتێ بیر لە سووتانی ئەو کاتەو
لە دڵ ڕەقی
ئەم ڕۆژانەت بکەیتەوە ..
ناڵێ ی من لەبیر بەرەوە

بیر لەبوون و خۆشەویستی
کەسێکی تر بکەرەوە ..
*　　*　　*
ئیتر بۆچی
خوێنی لەشم ئەسووتێنی
ئەگەر بیٚ وخوێنی تیا مابیٚ ؟..
نەخێر گیانە
خۆشەویستی لای هیچ کەسیٚ
وانەبووەو..
واز هێنانیش وەها نابیٚ ..

١٩٨٠/١/٣٠

# ڕابردوو وا بە شوێنتەوە



CamScanner

بۆ کوێ بڕۆی
ڕابردوو وا بە شوێنتەوە..
تارمایی خەمێکی گەورە
غەزەبی خوای شاعیرێکە
سێبەرەو لێت نابێتەوە


*       *       *

چیت بۆ بڵێم
کە گوێ نەگری و
لێم تێنەگەی ؟..
گرنگ نی یە
گوێم پێ بدەی یا پێ نەدەی
ئەی مامۆستای گەورەترین خۆشەویستی ..
تۆ خۆت فێری ماچت کردم
ئێستا بۆ بێ ماچم ئەکەی ؟!!

١٩٨٠/١/٣٠



CamScanner



دووری

ئێستا دوورم نە ئەتوانم

لە باوەشتا تێر بنووم

هەتاکو ئەمرم ..

نە ئەتوانم

بۆ زاخاوی مێشکی ماندووم

گوێ لە قاقاو دەنگت بگرم ..

چی لەمەرگی ناو باوەشی تۆ خۆشترە ؟..

چی لەدەنگی ناسکی تۆ پڕ جۆشترە ؟..

چی ئەگاتە خەمی گەورەی

شاعیرێکی دوورە وولأت ؟..


گەڕ عاشقێکی وەکو من بناڵێنێ

ئاخۆ دەنگی تاکوێ بگات ؟..

١٩٨٠/٣/٥



CamScanner


شاعیر شەوانە گڕ ئەگرێ

تووڕە مەبە

خۆت زیز مەکە

خوا ئەتگریٚ ..

کەبیٚ دەنگم وامەزانە تاوانبارم

چیم پیٚ ئەکریٚ ؟ ..

حەزیٚکی شیٚت

دەم و دەست و چاوی بەستووم ..

قوڕگی گرتووم ..

خۆشم

ناوی ~~خواشم~~ بۆ ناوتریٚ !..

ئەگەر عەشق

وەکو من داخی ئەکردی ..


ئەتزانی چۆن

شاعیر شەوانە گڕ ئەگریٚ !..

١٩٨٠/١/٥



CamScanner



# ئێوارانێ وەک سێبەر شوێنم ئەکەون

ئێوارانێ
وەک سێبەر شوێنم ئەکەوتی !..
تۆش وەکو من
ڕێبواری ڕێ ی
عەشقێکی گەورە و پیرۆز بووی
خەم خوێ ی لەچاوت کردبوو
نەئەسرەوتی ..
ئێوارانێ کە پێکەوە دا ئەنیشتین
خەم ئەبووە خەنجەرێک و
کۆرپەی ئاواتی ئەکوشتین
ئێوارانێ
وەک دوو مەلی
ئاوارەی بێ لانەو جێگا ..
ئەبووینە دوو
ڕێبواری ماندووی سەر ڕێگا ..
ئای لە خۆشی ئەو کاتانەی
تۆ لانەم بووی .. هەناسەم بووی
تۆ خەیاڵ و لێکدانەوەی
شەوانەم بووی ..

ە تەزووی ساردو گەرمی

یادگا ەموو ژوانێک

یادگاری ەو ڕێگایەی پیٚ ی دا ڕۆشتین ..

یادگاری ئەو جێگایەی لیٚ ی دا نیشتین ..

*     *     *

ئەوا ئێستاش بە ناچاری

فێر بووم چۆن لە دووریت بژیم

ئێستا بە بیٚ فرمێسک ئەگریم

لەدوای ئەوەی

هەرچی فرمێسکم بوو ڕشتم ..

لە دوای ئەوەی نائومێدی

" پەپوولەی ئارەزووی کوشتم "*

لە دوای ئەوەی بۆ تەنیایی

لە ناوەڕاستی ڕێگادا بەجێت هێشتم ..

---

*نیوە دێڕێکی مامۆستا هەردی یە .

بەو فرمێسکە گەرم و گوڕەی

دەردی دووری پێ ی ئەڕشتین

وەرە بەسەر مەرگی منا هەنگاو بنێ


تا ئەچیتە ولاّتی غەریبیمەوە ..

وەرە گەر بۆ جارێ بووە

ببە فریشتەی ئارام و

بچۆرە ناو شەوانی بێ خەویمەوە ..

١٧ای حوزەیرانی ١٩٨٠



# تۆ ئەمشەو لەچاوما نوستی

تۆ ئەمشەو لەچاوما نوستی
ئەوەندە لام خۆشەویست بووی ..،
پێڵوی چاوم بۆ ڕاخستی
تۆ ئەمشەو لە چاوما نوستی
*　　　*　　　*

ئەی ئافرەتی
خۆشویستن و خۆشەویستی
دوای چی ئۆ باڵی ئەو حەزە
ئە خەیتە ئەستۆی منەوە ؟..
لە کاتێکا
تۆ هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ..،
منت خستە گۆمی حەزێکی ونەوە
*　　　*　　　*

گەر لەواتای بوون گەیشتی
ئەگەر زانیت
بۆچی ئەژین .. بۆچی ئەمرین
ڕنگە ئەو ساتە بزانی ..،
بۆ شێتانە خۆشت ویستم



CamScanner

بۆ شێتانە خۆشم ویستی

*　　*　　*

ئەگەر زانیت
بۆ ژیانم وەک هەناسە
وەکو خوێن بووی بە پێویستی
ئەزانی چەند
لام پیرۆزو خۆشەویستی
بۆیە وەکو
هەموو شەوانی ڕابردوو
تۆ ئەمشەو لە چاوما نوستی

نەینەوا
١٩٧٩/٨/٦



CamScanner



# چۆن لە ئاهی دڵ ناترسی

که جێم هێشتی

خۆتت ئەکوشت

بە ئاشکرا یانهێنی

هەموو ڕۆژێ

سیروانێ فرمێسکت ئەڕشت

ئەی ئێستا بۆ .. بۆ ناپرسی ؟..

چۆن لە ئاهی دڵ ناترسی ؟..

*       *       *

چۆن ساڵێکی خۆشەویستیت

خستە لاوە ؟..

لە کاتێکا ئامادە بووم

نەک دەفتەرێ ..،

دنیات بۆ بکەم بە هۆنراوە

تشرینی دووەم/١٩٨٠

خانەقین



CamScanner

# دە بانگم کە

هەتا بدوێ ی

لە ناو گوێما

دەنگت زیاتر بە جۆش ئەبێ ..


کە بانگم ئەکەی "فەرەیدوون "

ناوەکەی خۆم لا خۆش ئەبێ..

پایزی١٩٨١



CamScanner



# ئەی کچی وڵاتی بەفر



CamScanner

ئەمشەو خەوم پێتەوە دی
لە خەوما بوو بووی بە پەری
وەک فریشتەی بەرگ سپی
دە هاتیتە خوار بە کپی

*　　*　　*

پەریزادە
ئەی دەمو چاو فریشتەیی
ساڵێک ڕۆیی ..
هەواڵێکم پێ نەگەیی ..

*　　*　　*

کەی دێیتەوە ؟..
وا ساڵێکی گەورەو گران
بەسەر دووریتا تێپەڕی ..
پایز هات و
گەڵا وەری ..
ئەی کچی وڵاتی بەفر
من ئامادەم بۆ کچێکی وەک تۆ پەری
هەوار .. هەوار ..




CamScanner

شوێن پێ ی کاروانت هەڵگرم
ببم بە کوڕە کۆچەری ..
* * *

هەر دێیتەوە ..
تۆ ڕاهاتووی ئاو و هەوای
ئەم کوێستانەی
تۆ کچی وڵاتی بەفری
هەر دێیتەوە و کە دێیتەوە ..
بێ گومانم
ئێستا لە جاران جوانتری..

زستانی ١٩٨٢



# بانگت ئەکەم



CamScanner

بانگت ئەکەم
لە کاتێکا .. شار گەرم بووی
باوەشی تاریکی شەوە
بانگت ئەکەم
لە کاتێکا .. پێڵووی چاوم
وێڵی دوای وەنەوزی خەوە
بانگت ئەکەم
لە کاتێکا .. ئەستێرەکان
لە ناشتنی
بووکی خۆر گەڕاونەتەوە
*      *      *
فریشتەکەم
سەر ئەگێڕم
بۆ هەر لایە .. ،
شەو خامۆشەو
دەنگێ نایە
تەنیا ترپەی پێ ی خۆم نەبێ
دەنگی هەناسەی خۆم نەبێ

شتێکی تر دەنگی نایە

من و.. شەو .. و

تەنها پارچە هۆنراوەیەک

من و .. شەو ..و

تەنها نیوە جگەرەیەک

لە ژێر باڵی تاریکی دا

پرسیار ئەکەم

ئەی فەرهەنگی .. خاوەن وشەی

ڕەنگاو ڕەنگی نیوە شەوم ..


چیە ئەمشەو

ئەبێ چی بێ ..

نهێنی چاوی بێ خەوم ؟..



CamScanner



# كە تۆ دووربی




CamScanner

که تۆ دووربی و
دووریت دڕکی بڕوێنێ !..
ئیتر بۆچی
«تاڵی یادێکی شیرینت»
ڕۆژی جارێ نەمسووتێنێ ؟..
*　　*　　*

تۆ شەپۆلی و
بۆ کەناری دەریایەکی خۆشەویستی
خولم ئەدەی
تۆ گێژاوی و
بە ناچاری
بە شوێن خۆتا وێڵم ئەکەی
*　　*　　*

تاقانەکەم
شەپۆلی دەریات نەدیوە
کاتێ کە ئەگاتە کەنار
بۆ خۆی هێمن ئەبێتەوە ؟..
تۆ شەپۆل بی و
منیش کەشتی یەکی وێڵی
ڕێ وون کردو ..،
بێ گومان بە
ئەبێ کەناری دەریاکە
باوەشمان بۆ بگرێتەوە ..



# بۆ تەنهایی جێم مەهێڵە

لەسەر خۆشترین ئاوازی

لەرینەوەی مەمکەکانت

ئەی کچی شۆخ

دەستم بگرەو

زیاتر لێم نزیک بەرەوە

من تامەزرۆم

بۆ ماچێکی لێوەکانت

من تامەزرۆم

هاتووم ببمە کەشتیەوان

بۆ دۆزینەوەی کیشوەری

نە دۆزراوەی چاوەکانت

* * *

مەڕۆ .. مەڕۆ

جێم مەهێڵە

مەڕۆ گیانە

بێ تۆ ڕۆشنایی من لێڵە

* * *

ئەی کچی شۆخ
کەشتی هێمنیو ئارامم
نووقم بووی ژێر
نە هەنگی خۆشەویستیتە
مەڕۆ بۆچی جێم ئەهێڵی ؟..
ئەمڕۆ لە گشت ڕۆژێ زیاتر
خۆشەویستی تۆم پێویستە

٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٧



نیگای حەزێکی ئاوارە



CamScanner

شیرینەکەم .. شیرینەکەم
وێنەیەکیت
لە لاپەڕە زەردەکانی
پەراوەکانی بەردەمما
بەدیت ئەکەم
نیگارێکیت .. لەنێو چاوی
فرمێسکاوی ..
پەپولەکانی ناو شارا
بەدیت ئەکەم
لەوەتەی کە خۆشەویستیت
لە فەرهەنگی یادگاری ڕا بردووما
بووە بەخەم
لەوەتەی خەم لەخوێناوم ئەخواتەوە
من هەم .. من هەم
شیرینەکەم

*      *      *

هاتووم ببمە

تەنیا پرشنگێکی چاوت

هاتووم ببمە کڵێشەیەک

بۆ تەنیا پیتێکی ناوت

بۆ جێم دێڵی ؟ .. بۆ جێم دێڵی ؟..

بۆچی زەوی ئاواتی من

بە گاسنی خەم ئەکێڵی ؟

*　　*　　*

ئەی نازانی

من هەر تەنیا تۆم خۆش ئەوێ ؟

ئەی نازانی

خۆشەویستیت نێرگزێکە ..

لە هەموو وەرزێکی دڵما

سەر هەڵئەداو ئەڕوێتەوە ؟..

ئەی نازانی

نیگام لەگەڵ تەنیا سەرنجێکی تۆدا

وەکو مۆمێ ئەتوێتەوە ؟

خۆشم ئەوێ ی

ئەی ڕۆشنایی چاوەکانم

خۆشم ئەوێ ی

ئەی هەناسەی سی یەکانم

خۆشم ئەوێ ی

وەکو خوێنم .. وەکو گیانم

*          *          *

ئەوەندەی کە

سەیری چاوەکانت ئەکەم

ئەوەندەی کە ئەڕوا نم و

ئەمەوێ لێ یان تێ بگەم

تێ ناگەم و

وادیارە خۆم

لە گێژاوی

سەرنجەکانتا ون ئەکەم

*          *          *

دوای ونبوونیش

نامەوێ لە

وەرزی ساڵێکی نە هاتا

وەک درەختی کێڵگەیەکی



CamScanner

وشک و تینو

سەوز ببم

ئاوارەم و..

ئەمەویٚ وەک لێزمەی

بارانێکی پەڵە

بباریٚم و...،

کێڵگەکانی کیشوەری حەز

تێر ئاو بکەم

بباریٚم و...،

جۆگەکانی پڕ کەمەوە

ئاوارەم و ...،


بەشوێن تیشکێکی نیگاتا

هەر بە هیوام کە پێت بگەم

کە پێت بگەم

شیرینەکەم

١٩٧٦



# هەناسەی دەریایەک

## ناسۆر



CamScanner

دڵدارەکەم ..
مەپرسە لێم
من گیانێکم
پایز بەهاری تەمەنم
ئاودێر ئەکا
فرمێسک تینوێتیم ئەشکێنێ و
خەمیش برسێتیم تێر ئەکا
*　　　*　　　*
من گیانێکم
کە گریانم زەردە خەنەم
ئەشوا تەوە
لاشەیەکم ڕووەو تەنیایی ڕا ئەکەم
هێندە نابا
پێ ی گومانم بەرەو دواوە
ڕامئەکێشێ و ئەمباتەوە
من ئەو گیانەم
کەوا ڕۆژگار بۆ تینوێتی
لە خوێنی من ئەخوا تەوە



CamScanner

*　　*　　*

من بێ دەنگیم
گۆرانیەکانم گۆڕ ئەکا
من هەناسەم هێندە قوڵە
سەرچاوەکەی
لە دەریایەک ناسۆر ئەکا

*　　*　　*

بۆم مەگەڕێ و مەپرسە لێم
ئەگەر گەڕایت
بۆ پاشماوەکەم بگەڕێ
لە سەر دیواری ژوورەکەم
بگەڕێ بۆ
وێنەی ژیانی بە سەر چووم
لە کاتێکا دووکەڵی دەم جگەرەکەم
لەگەڵ هە ناسەی قووڵمدا
کێشاویانە
کڵێشەی ژینی ڕابردووم ..
ئەگەر گەڕایت

لە ناو وشەی هۆنراوەما

بگەڕێ بۆم

لە کاتێکا ...،

لە قوژبنی ژوورەکەما

بەجێماوە

چونکە خۆمم

لە ناو دێڕی هۆنراوەما

حەشار داوە

چونکە ڕۆژانی ژیانم

وێنەیەکە


بە دیواری ووشەکانما

هەڵواسراوە

١٩٧٤



CamScanner




# که‌ بیر له‌تۆ ئه‌که‌مه‌وه



CamScanner

هێندەی حەزی هەموو دنیا
حەزم لێتە
خۆشم ئەوێ ی
تادوا ڕادەی خۆشەویستی
کەبیر لە تۆ ئەکەمەوە
بیر کردنەوە بە هارێکە و
تۆوی حەزەکانی منی
تیا سەوز ئەبێ
دە گیانەکەم
سەرت بنێ بەسنگمەوە
با لە باوەشما بتگوشم
هەتا تاسەو خەمی دووری
دوو بەهاری پێ دەربکەم
لێوم هەنگێکی تینووە ..
بۆ مژینی لێوەکانی تۆ هاتووە ..
سەرت بنێ بەسنگمەوە
گیانە با هەتا ئەتوانم ..



# هیواو خۆشەویستی و خوێن

خۆشەویستیت بۆتە خوێن و

بە جۆگەو دەماری لەشما

هەردەم لە هاتو چۆدایە

وێنەکەی تۆ نیگارێکە

کام نیگارکێش بەهرەمەندە

کلێشەکەی بۆ دەرنایە

*　　　*　　　*

گیانە ئەڵێن

گیان هەیەو لەگەڵ خوێنایە..

کە خۆشەویستی تۆ خوێن بێ و


بە دەماری لەشما بڕوا

گیانە کەوا بوو گیانی من

لەگەڵ خۆشەویستیتایە

لەگەڵ خۆشەویستیتایە

١٩٧٥



منم خەمی شەوەکانم

کردۆتە کۆڵ



CamScanner

چاو ئەگێڕم و نیوە شەو
دوا هەناسەی هەڵئەکێشێ و
ئەیدا تەوە
شێوەت وەکو
فلیمێکی فۆتۆگرا فە
لە چاومەوە وەرئەگیرێ و
لە چاوما خۆی ئەشواتەوە
* * *
دوای نیوە شەو
بە قوڵترین قووڵاییەکانی دەروونما
کە ئەگەڕێم چی ببینم ..؟
تەنیا شتێ پەی پێ ببەم
گومانێکە .. ناوم ناوە خۆشەویستی
ناوم ناوە تۆ پەرستی
* * *
کە تەنیایی گۆرانی بۆ
خەمی چەند ساڵەی ڕابردووم
ئەڵێتەوە



# خەرمانی وشەکانم

خاتوونەکەم
وامن هاتووم تا خەرمانی وشەکانم
لە بازاڕی دڵداریدا
هەڵبەمەوە
وامن هاتووم تا پەردەی ڕەش
بە سەر ڕۆژانی ڕابردوو دا بەمەوە
هاتووم .. هاتووم
بۆ دڵداری هاودەمم بیت
هاتووم هەتا
لە شی کردنەوەی خەمیشدا
هاو خەمم بیت
هاتووم .. هاتووم
من دێوانەو تۆ شەمم بیت
دڵدارەکەم

١٩٧٤/٦/٢٠



# کڵێشەیەک بۆ پەراوێزی خەمەکان



CamScanner

که خەم ئە بێتە هاودەم و
هاوڕێیەتی شەوم ئەکات
هەزاران خۆری ڕووناکی
پرشنگێ بە دڵم نادات
*     *     *

ئەی ملوانکەی
ملی هەموو خەمەکانم
هەوێنی ئێش و ئازاری
چاوگەی قووڵی زامەکانم
لە شەوگاری درێژی شاعیرێتیما
هۆنراوەیەکی وتراویت
هەموو شەوێ جارێکی تر
بەدەنگی دڵ ئەتلێمەوە
لە جیهانی ژوورەکەما
کە تەنیا سووتانی مۆمێ
بۆڕوناکی ئاسۆیەتی
بەیادی چاوەکانی تۆ
وەک مۆمەکەم ئەتوێمەوە

*       *       *

لەگەڵ نیوە بوونی شەوا

کاتێ کە مۆمەکەم ئەمرێ

تاریکایی ئاسمانی ژوورەکەم ئەگرێ

پێنووسەکەم هێزی نووسینی نامێنی

پەڕەی کاغەزی بەردەمم

جێگای سپی تیا نامێنێ

یادەکانم بەناو کەشتی یادگارا

بۆ جیهانێکی دوور ئەمبەن

ئەمبەن .. ئەمبەن

هەتا لە دەریای خەمێکا

بۆ هێجگاری ونم ئەکەن ..

*       *       *

دەریای خەمیش

کەنارەکانی لێ ونە ..

شەپۆلەکان

لە هاژەی خۆیان ئەترسن

نەهەنگەکان بەرەو ڕووم دێن و

ناوێرن

کێ ئەڵێ ئەوان نازانن

کە پێستی لاشەم بە ئازار

دەرزی چنە ..؟

*   *   *

شەوگار بەسەر تەمەنمانا

هەنگاو ئەنێ

ترسی مەرگ

وا شەیەکە بەناو

شەقامی ژیانا

گیانی نێچیرمان ڕاو ئەنێ


خەم هەوێنەو

گێژاوی ژیان خەست ئەکا

١٩٧٥




CamScanner



# ئاخۆ ئێستا

ئاخۆ ئێستا .. لەکام جێدا
بێ ناز کەوتووی؟ ..
ئاخۆ ئێستا
لەکام سووچی ژوورەکەتا
پەژارەی دڵ جێ ی مەینەتی
بۆ ڕاخستووی ؟..
ئاخۆ ئێستا .. هەر بە ئاگای
یاخود وەنەوز..،
پێڵوی چاوی پێ داخستووی ؟..
ئاخۆ ئێستا
وەک چۆن من بیری تۆ ئەکەم
تۆش بیر لە من ئەکەیتەوە ..
ئاخۆ ئێستا ..
گەر دەلوولی کام ئەندێشە
هەڵی گرتووی ..
کام خەفەت لێک ئەدەیتەوە ؟..

١٩٧٦/٦/٢٦



# خۆشەویستی چی لە دەست دێ



CamScanner

ئەمزانی منت خۆش ئەوێ
تۆ ژانێک بووی
لە ناو سنگما گەورە ئەبووی
هەتا ئێستاش گەورە ئەبی و
گەورە ئەبی
وەک ڕەگی دار
چۆن بە زەویدا ڕۆئەچێ
بەناخی دڵما ڕۆئەچی و
هەر ڕۆئەچی

*     *     *


لەگەڵ ئەوەی
سنگم هێلانەی سێساڵی
باڵداری خۆشەویستیمە
دەپێم بڵێ
خۆشەویستی چی بۆ کردم ؟
چی لەدەست هات ؟
تەنیا هەر ئەوەندە نەبێ

وێران کەری
بەهاری جوانی و لاویمە

*　　*　　*

لە وانەیە وابزانی
من دڵدارێکی ڕەشبینم
لە ئاسمانی هیوای دڵا
تروسکاییەک نابینم
نەخێر گیانە
بەگفتو گۆو زەردەخەنەو..،
بێ دەنگیتا
زوو ئەمزانی خۆشت ئەوێم
بۆیە ئێستاش بەداخەوەم
کە تەنیا جارێ نەمتوانی
بەتۆ بڵێم خۆشم ئەوێ ی

٢٠ی مارتی ١٩٧٧




# مەڕۆرەوە



CamScanner

مەڕۆرەوە
با خۆریش لە ئاوابوونا بێ ..
با گێژاویش
لەگەڵ لاشەی هەردووکمانا
لە گەرمەی بە گڑا چوونا بێ
مەڕۆرەوە ..
خۆر تێ ناگا .. خۆر نازانێ
بۆ ئێوارە ئاوا ئەبێ
مەڕۆرەوە
گەر تۆ بڕۆی .. کەسێ نی یە
وەک من بێ تۆ بە تە نهابێ
جێم مەهێڵە
خۆر ئاوابوون
هێشتا کاتی نە هاتووە
جێم مەهێڵە
بێ گومان بە
خۆریش سەری لێ تێک چووە ..

مارتی ١٩٧٧



# منم ژان و خۆشەویستی

زوو ئەمزانی
خۆشەویستیت دەریایەکی
ترسناکە
کەشتیوانی ئازا نەبێ
کەس ناتوانێ پیا تێ پەڕێ ..
بەڵام چیبکەم کە حەزی تۆ ..
خوێن بێ و
بە لە شما بگەڕێ
* * *


بۆیە ئەمڕۆ
هەموو شتێ
کە بیری تۆم بخاتەوە
هەموو شتێ کە دەروازەی
بیرەوەری ساڵەکانم بکاتەوە
سەرچاوەی ژانێکی نوێ یە
خەمێکی نوێ تری پێ یە ..
* * *

تادوور بووم لێت
حەزم ئەکرد کە بتناسم
کە ناسیمیت
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆشم ویستی
تا وام لێ هات
بەپەرستن ئەمپەرستی

*        *        *

دوور کەوتی لێم
دووری بوو بە دیوارێک و
بەری ڕۆشنایی بینینی
تۆی لێ گرتم
ئێستاش گیانە
تامەزرۆی ژوانێکی ترم
تا پێت بڵێم
منم ژان و خۆشەویستی
من نامرم .. من نەمرم

١١ی مارتی ١٩٧٧



# من وەها دێم[٧]

تابلۆیەکم
بە شوێن ڕەنگەکانما وێڵم
جوتیارێکم
بست لە دوای بست
جەرگی زەوی خەم ئەکێڵم
*         *         *

وشەیەکم
پیتەکانم بۆم ئەگەڕێن
ئێشکچی سەر کەشتییەکم
میوانەکان
بیرو هۆش و ئەندێشەمن
شەپۆلەکان
پاڵ بە کەشتیمەوە ئەنێن
هاو دەمیشم
دەریاو ئاسمان و ئاسۆیە

خۆشەویستم
ئەوەی من بەرەوڕووی ئەچم




CamScanner

تەنیا ئاسۆی بیری تۆیە

*　　*　　*

من وانایەم
بە سێدارەی مەمکەکانتا
هەڵمواسی
من وانایەم
بۆ یەکەم جار تۆ بمناسی
چونکە گەر هەتاکو ئێستا
نە تناسیبم
هەر نامناسی .. هەر نامناسی

٢٣ی مارتی ١٩٧٧



# یادەکانم



CamScanner

کە پاپۆڕی یادەکانم

لە باوەشی

بەندەری یادێکی تۆدا

لەنگەر ئەگرێ

فرمێسک لەناو چاوما

ئەمرێ

شانۆی هێلانەی دڵی من

ڕەنگی خەمێکی نوێ ئەگرێ

* * *

گیانە  با زامەکانیشم

ئازاریان لێ هەڵبوەرێ ..

من ئەگەر تەنیا تۆم هەبێ

خەم ئەخەمە ژێر پێ ی خۆم و

ناهێڵم بەبێ پەساپۆرت

بەشاری دڵما تێ پەڕێ

کات درەنگەو

کاروانی شەو


یادەکانم ئەگرێتە خۆی

دەریای تاریکی ئەمشەوە
باوەشی بۆ ئەگرێتەوە
یادەکانم .. ئاگردانی
لاشەی سالأنی تەمەنن
ڕۆژانی تیا ئەتوێتەوە

حوزەیرانی ١٩٧٧



CamScanner



# دەنگێکی یاخی بوو



CamScanner

دڵدارەکەم ..

چرایەکان مەکوژێنەوە

من خۆرێکی وەهام ناوێ

کە گەرماکەی

دژی هەژاری ماندوو بێ

ڕووناکییەکەی

بۆ پارە دارێکی پیسکەی

لە ژێر سێبەر دانیشتووبێ

*　　*　　*


من هەورێکی وەهام ناوێ

لە بەهارا

بارانەکەی بێتە لافاو

ڕەنجی هەزاران جوتیاری

ماندوو هیلاک بدا بە ئاو



# هەژارەکان لە گەڵتانم



CamScanner

هەژارەکان

ئەی ئەوانەی

باڵندەی هیواتان ئەفڕێ

بۆ ئاسمانی جیهانی نوێ

ئەی ئەوانەی

دوێنێ و ئەمڕۆ

بۆ نەمانی چەوسانەوە

بوونە پشکۆ

لە گەڵتانم لەکەوتنا

لە برسێتی و لەمردنا لەگەڵتانم

دڵم لەگەڵ دڵتانایە

گیانم لەگەڵ گیانتانایە

هیوام زادەی هیوا تانە

بڕوام وەکو بڕواتانە

*     *     *

هەژارەکان

لەسەر تەختەی



CamScanner

ڕەشی فێر بوون

بیرتان ئەکەم

لە کاتی برسێتی و تێربوون

بیرتان ئەکەم

لە هەرکاتێ

خۆم لەبیر بێ

بیرتان ئەکەم

هەژارەکان

٣٠ی مارتی ١٩٧٤



# کەهەست ئەکەم

کە هەست ئەکەم

شتێک هەیە .. ڕام ئەکێشێ و

جارێکی تر

خۆشەویستیت

لەدڵما نوێ ئەکاتەوە

کە هەست ئەکەم

ڕابردوویەک لە بوونمایەو

یادەکانی

خوێنی لەشم ئەخواتەوە

گومان ئەکەم

شۆخێکی تر بێ و بتوانێ

بۆشایی تۆ پڕکاتەوە

*     *     *

جاران ئەم ووت

گەر شاعیر بم

شیعرەکانم

ئیلهامیان لە

چاوی تۆوە وەرگرتووە




CamScanner

بەڵام گیانە
تۆ پێم ناڵێ ی بۆچی ئەمڕۆ
خۆشەویستیت
لە شاری دڵما مردووە ..؟
*     *     *
کچێ تۆ بووی خۆشەویستیت
لە ناو دڵی منا خنکان
تۆ بووی شارە زەردەواڵەی
ڕقەکانمت ورووژان ..
ئەزانی بۆ ڕقم لێتە ..؟
چونکە ئەوەی ئاشکرایە
چیم بۆ وتی .. چیم پێ وتی
تۆ کردووتە بە قەوان و
لە ناو هەگبەی دەنگوباسی
هەموو کەسێکی شاردایە



CamScanner



# خۆشەویستیش بە مۆدێلە

وام ئەزانی خۆشەویستی

من و تۆ کۆتایی نایە

بۆیە ئەم وت

درەختێکە

بە گێژاوی هەموو دنیا

لە بن نایە

بۆیە ئەم وت

چیرۆکێکە

هەر پێشەکی و سەرەتایە

*      *      *

چاوەکانت

سەرنجەکانی گۆڕاوە

کوا ئەو چاوەی

تێ ڕوانینە کانی منی

تیا ئەتواوە


ڕاستە پار بوو

ئەت وت

تەنیا تۆم خۆش ئەوێ

بەڵام ئەمساڵ
خۆشەویستی
لە لات پارەو ئوتومبێلە
دەسا گیانە
هەرچی ئەڵێ ی
تۆ ڕاست ئەکەی
پەیمان و حەز
هەر وەکو قوڕ
بۆ پەیکەرێکی تازە تر
بە سەر یەکا بیان شێلە
چونکە ئەمڕۆ نەک جل و بەرگ
خۆشەویستیش بە مۆدێلە

٢٠ی مارتی ١٩٧٧



# بۆچی هاتووی



CamScanner

ئەمرۆ هاتووی

پەشیمانی خۆت دەرئەبڕی ؟

هاتووی بگری ؟

هاتووی ئەوە بسەلمێنی

لەو کاتەوەی بە جێت هێشتووم

وەختە بمری؟ ..

حەز ئەکەی لە باتی جارێ

دە جار بمرە

کام ئەستێرەی هێجگار بەرزە

بۆی سەر کەوەو لێمی بگرە

من جارێ تر باوەشت بۆ ناکەمەوە

جارێ تر نابمە دڵدارت

ئەگەر مردووی بەو خەمەوە

١٥ی حوزەیرانی ١٩٧٧



CamScanner

# دە پێم بڵێ

دە پێم بڵێ
بۆ ڕەشەبای ڕقەکانت
بەسەر دەریای
خۆشەویستیما هەڵئەکەیت ؟..
وا مەزانە تورە بوونت
هیواکانم نوقم ئەکات
من کەسێک نیم
بە دوو ووتەی
نەرم و شیرین
کڕ نووش بۆ نیگایەک ببات
ئەو خۆرەی لەچاوی تۆدا
بە دیم ئەکرد
سەر دەمێکە پرشنگی
جارانی نادات

*　　*　　*



CamScanner

دە پێم بڵێ و

با پێت بڵێم

ئەنجام وا لە دەستی منا

ئەو هۆنراوەی بۆ تۆم نووسی و

ئەم پەخشان بەسەر گەردنا


ئەمڕۆ بۆتە ماسیەک و

مەلە ئەکات

لەناو گۆمێکی بێ بنا



CamScanner



# سەراب

ئەی خا نمە دڵ ڕە قە کە
کە سەیری ڕابردوو ئەکەم
لەگەڵ هەموو سەرنجێکا
بەئەنجامێکی نوێ ئەگەم
تێ ئەگەم کە ..،
درۆزن بووی
لە کردارو گفتوگۆ تا
درۆزن بووی
لەگەڵ منا .. لەگەڵ خۆتا
تێ ئەگەم کە ..،
چوار ساڵی دوورو درێژە
بە شوێن سەرا با ڕا ئەکەم
کەچی هێشتا خۆشم ئەوێ ی
هێشتاکو هەر بیرت ئەکەم ..

سلێمانی/ زستانی1983

کەی

ئەگەینە

دوا بەندەری

خۆشەویستی ؟



CamScanner

بۆچی هێشتت خۆشم بویٚ ی ؟

که ئەتزانی ڕۆژیٚ دیٚ

جێم دێڵی ئەڕۆی

پە نا بۆ کام شیعر ببەم

هەموو ئەندێشەی دووری تۆ

بگرێتە خۆی ؟

لە کام خەونا

گریٚ کوێرەی

ئەم حەزە بیٚ سەرو شوێنە بکەمەوە ؟

کام جێگا ریٚ کۆچی تۆیە ؟

تا شوێن کاروانیٚ بکەوم

یاخود ئە مگە یە نیٚ بە تۆ

یاتەنیا ناگەڕێمەوە

*        *        *

لەو ڕۆژەوە

لە تیشکی چاوت بیٚ بەشم

وشکە سەرچاوەی گریان و هۆنراوەشم

بە چاوی تۆ



CamScanner

وەکو جاران پێ ناکەم

بە خۆڕایی ئەڕوا ڕۆژانی تەمەنم

بێ واتایە ئەوەی ئەیڵێم و ئەینووسم

بۆ تۆ نەبێ

بۆ کێ بنووسێ پێنووسم ؟

کە تۆی چرای

شەوانی پڕ لە مەترسیم

کە تۆی تێشووی

گیانی هێجگار ماندوو برسیم

کە تۆ ڕۆشتی گەنجیم ڕۆیی

بۆ ڕۆیشتی ؟

ئەو هیوایەی لە دڵما بوو

دووری کوشتی

*     *     *

تا ئێستاش چاوی هۆنراوەم

هۆن .. هۆن فرمێسکی لێ ئەتکێ

نە تئەزانی

دڵی شاعیر هێندە ناسکە

زوو ئەشکێ ؟

*     *     *

تۆ هەموو شەوێ بە ڕووتی

لەبەر پەنجەرەی شیعرێکما

سەما ئەکەی

تریفەی مانگ

ئەبێتە کراسی بەرت

ئەستێرەکان ئە بن بە قردێلەی سەرت

چاوم لێ یە نەرمە بایەک

هێدی .. هێدی

بە شەپۆلی قژی خاوت یاری ئەکا

نمی شەونم بەسەر چرای گۆناتەوە

دائەگیرسێ ..

نم .. نم جێگای ماچەکانم

بە ڕووتەوە دیاری ئەکا

سلێمانی /زستانی ١٩٨٢

# بۆ ١٩٨٤

لێوی عاشق
زەردەخەنەی لێ ئەبارێ و
لە ناخەوە بە کوڵ ئەگری
ئەی هەورەکە دە ببارێ
تا بزا نم فرمێسکی من بەخوورتره
یا بارانت
تا بزا نم ناڵەی دڵم بە جۆش تره
یاگریانت
دەبباری .. تەنیا بارانی بەخوورە
چڵکی لەشی ئەم گەردوونە
بێ دەستنوێژە ئەشواتەوە
دەبباری تالاشەکان پاک نەبنەوە
هەرگیز زەوی پڕ بەگەرووی
ئاوی ڕەحمەت ناخواتەوە
*　　*　　*

ئەی ڕەشەبا

کۆت و زنجیرت فڕێ دەو

شارەکەم بەجێ بهێڵە

چیتە لە خاکی پڕ ئازار

خانوی شڕی ئەم شارانە

دوورگەی خەمی هەزارانە

کێ ئە توانێ قورسایی ئەم دنیا شێتە

لە سەر شانی من هەڵگرێ ؟

هەتا چی تر نەهێڵم خەم

لەناو دڵما چەکەرە بکاو

دەستی تاوان

کۆرپەی حەزی من سەر بڕێ

هەولێر / ١٩٨٨/١/٢

# بیرت ئەکەم

بەبێ دەنگی خۆشم ویستوی
بۆیە ئەبێ
بە نهێنی باست بکەم
پەنجەرەکەم ئەکەمەوە
لەگەڵ ئیلهامی شیعرێکا
وەرە ژووری
وەرەو باسی
بێ تۆیی خۆمت بۆ بکەم
دڵنیابە خوای جوانی لێمان ئەبووری
* * *

کچی شیعر
لەگەڵ سۆزی
هەموو ئاوازێکی خۆشا بیرت ئەکەم
لەگەڵ ناڵەی
هەموو دڵێکی بە جۆشا بیرت ئەکەم
لەگەڵ شنەی
بای شەماڵی ئێوارانا
لەگەڵ دڵۆپەی بارانا بیرت ئەکەم
* * *



CamScanner

کە نات بینم
بە خیلی بەو بایە ئەبەم
ئێواران لە پرچت ئەدا
خۆ هیچ نەبێ
جارو بارێ
کەمێ بۆنی پرچت ئەکا
*　*　*
کە ئێوارانێ ئە تبینم
ئیتر خولیای شیعرێکی جوان
ئە مخاتە دەریای ئە ندێشە
خۆت ئەزانی
شیعرێکیش بۆ تۆ بنووسرێ
ژانەکەی چەندە بە ئێشە

پایزی ١٩٨٤



CamScanner



# فرمێسک و شیعر

نازا نم چۆن خۆشم ویستی
تا ئەو پەڕی خۆشەویستی
خولیای عەشقت هەموو شەوێ
فرمێسکی تازەی لێم ئەوێ
* * *

تۆ هەوێنی شیعری تازەی
شەوانی پڕ ئەندێشەمی
تۆ برینی بە ئازاری
ڕۆژانی پڕ لە کێشەمی
* * *

لە هەرکوێ بم
خۆشم ئەوێ ی
لە هەرکوێ بی
بیرت ئەکەم
ئەو جێگایەی تۆی لێ نەبێ
بۆنی غەریبی لێ ئەکەم
* * *

کە هەست
بە دووری تۆ ئەکەم
باڵدارێکم بە بێ لانە
کە من هەرگیز بە تۆ نەگەم
ئیتر بۆ نەبمە بە دێوانە

هەولێر/ئایاری١٩٨٤



CamScanner



# من و تۆ

نیگای وێڵت مه پرژێنه

به سەر شێوەی

خەماویما

خۆت مەکه به

هاوڕێ ی ڕێگام

له ئێوارەی تەماویما

ئەڕۆم هەگبەی

کۆچێکی دوورم له پشته

وێڵم به شوێن ڕێبوارێکا

کلیلی کردنەوەی دەرگای

هیوای من و تۆی له مشته

هەولێر/ بەهاری ١٩٨٣



# توڕە بوون



CamScanner

دڵم شکا

نه ئەبوو وا بە ئاسانی

مشتە کۆڵەی ڕقی پیادەی

دڵت بەردە

بە تە نیا  خۆتت خۆش ئەویٚ

بۆیە هەرگیز

لە خۆشەویستی من ناگەی

بە دوو وشەی

ڕەق و ناخۆش

بۆچی شێتانە ئەمکوژی ؟

گوایە نازانی دەمێکە

عەشقت لە ناو خوێنما ئەژی ؟

هەولێر /پایزی ١٩٨٣

# بۆچی (با) دەنگت ناهێنیٚ ؟

دەنگت وەکو

ئاوازێکی مۆسیقایە

شەپۆل .. شەپۆل

هێرش دێنیٚ بۆ دەماخم

وردە ..وردە

تێکەڵ بە خوێنم ئەبێت و

دا ئەچۆڕیٚ بەرەو ناخم

*      *      *

بۆچی با

دەنگت ناهێنیٚ؟

تا زاخاوی مێشکم بداو

لە ناخەوە بمهەژێنیٚ

*      *      *

تۆ دووریت و

ئەڵێن دووریش

گڕی عەشق کپ ئەکات و



CamScanner

خۆشەویستی ئەخنکێنیٚ

بڵێ ی نێوان ئێمەش وابیٚ

ئەوەی وتمان

وەکو پوشێکی دەم با بیٚ

*          *          *

کە هی من بووی

هەموو شتیٚ لە لام جوان بوو

گەورەترین خەم و گریٚ

کردنەوەی هێجگار ئاسان بوو

بەڵام ئێستاکە لێم ونی

وا هەست ئەکەم

دەنگی باڵدار ئیتر نایە

شەماڵ فێنکی ناهێنیٚ

خەندەی سەر لێوم ئەتۆریٚ


مەزاجی شیعرم ئەگۆڕیٚ

بۆچی با دەنگت ناهێنیٚ ؟

تا زاخاوی مێشکم بداو

لە ناخەوە بمهەژێنیٚ

سلێمانی / بەهاری ١٩٨٥



# شارەکەم



CamScanner

شارەکەمم هەر لا جوانە
بە بەفرو ڕەشەبایەوە
بە سەرماو بە گەرمایەوە
خاک و خۆڵی
دەشت و دۆڵی
چیاکانی
ڕووباری ، سەرچاوەی ، کانی ی
هەموو جوانن
خۆشم ئەوێن
لە زووەوە بۆ ئیلهامی شیعرەکانم
بوون بە هەوێن
لە تەنیایی و بێ ئۆقرەیی شەوانەمدا
بوون بە فریشتەی خەم ڕەوێن
من شارەکەمم خۆش ئەوێ
جادەکانی ، کلێسەو مزگەوتەکانی
گۆڕستان و سەرمەزاری
هەموو خۆشەویستی منن
هەموو شایانی گۆرانی و
شیعرو هەڵبەست بۆ وتنن ..

هەولێر /٤ی تەموزی ١٩٨٥



# دڵیش وەکو شووشە ئەشکێ[٧]

کێ ئەڵێ من کۆچەری نیم ؟

ئەی بۆچی شەو

هەرچی کیشوەری خەم هەیە

ئەیکەمە وێستگەی هۆنراوە و

بە تۆناگەم ؟

تۆ ڕۆیشتی و .. پێت نەوتم

لە کوێوە دەست

بە گێڕانەوەی چیرۆکی عەشقت بکەم

تۆ ڕۆیشتی و

ڕێگای خۆتت گرتە بەرو

ئاوڕت لێم نەدا یەوە و

ڕێگایەکت نیشان نە دام

حەوت ساڵ دووری

فێری سووتانی کردم و

هەموو ڕۆژێ بە دەیان جار

گڕم گرت و نەسووتام

*　　*　　*

کێ ئەڵێ من کۆچەرێ نیم



CamScanner

ئەی بۆچی شەو
هەرچی سنووری وشەیە ئەیبڕم و
بۆ ساتێکیش
لە ناو باوەشی شیعرێکا
خۆم گەرم نەکردۆتەوە ؟
بە سەر دەیان
ڕووبار و سەرچاوەی عەشقا
هەنگاوی تینوێتیم ناوە
تێر ئاوم نەخواردۆتەوە ؟
* * *
لە بوونمەوە تاکو ئێستا
هەنگاوی غەریبی ئە نێم
کەسێ نە بوو
نهێنی خۆمی لا دانێم
کەسێ نە بوو
دەرگای دڵم بکاتەوە
هەگبەی ئەم کۆچەم لێ بگرێو
کەمێ دڵم بداتەوە
* * *
زامەکانم هێندە کۆنن

خوێنی مێژوویان لێ ئەتکێ
لە وە تەی هەم دڵم لە بەر
مشتە کۆڵەی
ئەم دنیا جە نجا ڵەدا یە
ئیتر چۆن وەک شووشە نەشکێ ؟
ئێستا سەرم بریتی یە
لە کۆمە ڵێ خەمی ئاڵۆز
لە کۆمەڵێ خەمی پیرۆز
بۆیە جار ..جار ئەکشێم بەرەو
جیهانی پڕ ئەندێشەو سۆز
جار بە جاریش
شیعری تووڕە یەخەم ئەگرێ و
نەفرەت ئەکەم لەو شاعیرەی ترسنۆکە
نەفرەت ئەکەم لەو مرۆڤەی
بۆ دوژمنی لە سەر چۆکە
نەفرەت ئەکەم لەو دنیایەی
بۆتە تەونی جاڵجاڵۆکە

هەولێر /٢٨ی ئابی ١٩٨٥

# دابڕان

هەموو شەوێ

پەنجەرەکەم لە سەر پشتە

ئەڵێم بەڵکو

چرپەیەکی تۆی لێوە بێ

شەماڵێ خۆی کا بە ژوورا و

بۆنی عەتری تۆی پێوە بێ

*　　*　　*

گوێم هۆگری دەنگت بووە

لەو ڕۆژەوە

کە دەنگی تۆم نە بیستووە

هەستی بیستنم کز بووە

گوێم لە ئاستی

هەموو ئاوازێکی ترا داخستووە

*　　*　　*

گیانە دەنگت

تازەترین سیمفۆنیەی

ئەم سروشتە بە سۆزە یە



CamScanner

دەنگت سروەی

شه ماڵی سەر لوتکەی شاخ و

خوڕەی ئاوی دەم بنارو

قاسپەی کەوی دەشت و کێوی

ئەم وڵاتە پیرۆزە یە

کە تۆم خۆش ویست

ڕقم لە دڵی خۆما کوشت

عەشقت زۆر شەو گریاندمی

فرمێسکی سورو سوێرم ڕشت

بەو عە شقەوە هەر بەو جۆرە

گۆرانیم بۆ سبەینێم وت

کەوتمە دوای ئاواتی گەورە

* * *

بە ڵێ گیانە هۆگرت بووم

خۆشە ویستیت

هەر زوو دیاری دا لە سەر ڕووم

تا وام لێ هات

هەموو خەڵکی لە چاوا نما

تۆیان ئەدی

هە تا بویتە

کانگای عەشقێکی ئەبەدی

*  *  *

زەوی و ئاسمان

شەو مانگ و ئە ستێرەکان

هە تا ماسی چەمی سیروان

چنارەکانی سەرچنار

ئاگایان لە من و تۆ بوو

خۆشەویستی و حەزی ئێمە

بۆیان مایەی گفتوگۆ بوو

*  *  *

بە ڵێ گیانە

هەر دوای ئەوە

هەر دوای لە یەک دابڕان و

جیابوونەوە

لە دوای ئەوەی لە دووریا

بەشی زۆری تەمەن ڕۆیی

"بەبێ بەزمی حوزووری تۆ
حەرامم کردووە بادە
نەوەک بشکێ بە نەشئەی مەی
خووماری دەردی بێ تۆیی .. "*
*　　*　　*
ڕۆژێ ئەمرم
بەرگەی دووری تۆ ناگرم
ڕۆژێ ئەمرم
هەورێ دا نا کاتە باران
درەختێ نادا تە گریان
چونکە من ڕۆژێ لە ڕۆژان
تۆی ئازیزم لە خۆم تۆران

سلێمانی/ ١٩٨٥/١٠/٢١

---

*"دێڕە شیعری مەحوی شاعیرە "



CamScanner

# هەڵوێستێک

دێیت و ئە ڵێ ی
خۆشم ئەوێ ی
بە ئاسمانی ئە ند ێشەدا
باڵی خەیاڵت لێک ئەدەی
نەخشەی پاشە ڕۆژ دا ئەنێ ی
منیش تە نیا
شیعر و چاوی تۆ شک ئە بەم
گیانە شیعریش
کرا س نی یە لە بەری کەی
شیعر نابێتە زێڕ و زیو
لە سنگ و بەرۆکی بدەی
ئەم جیهانە بۆ مرۆڤی
ویژدان زیندوو نەخوڵقاوە
شاعیر چی یە
با جیهانیش



CamScanner

هه مووی پڕکا له هۆنراوه ؟..
بڕۆ ببه به هاوسەری
مرۆڤێکی ویژدان مردوو
ئەو ئەتوانێ
بتکاته خانمی گەورەی
کۆشک و تەلاری ڕازاوه

هەولێر /١/٧/١٩٨٤



CamScanner



# که ئەتبینم شیعرم بۆ دێ



CamScanner

لێوەکانت  بادەی مەستین
چاوەکانت
کانگای عەشق و خۆشەویستین
پێ ئەکەنی
فریشتەکان دێنە خوارێ
خەم دات ئەگرێ
لێشاوی خەفەت ئەبارێ
بالآت هەمووی
لە شیعرێکی نازدار ئەچێ
کە  ئە تبینم
دەروونی پڕ سۆز و شیعرم ئەکرێتەوە
شیعرم بۆ دێ
بەلآم وشە چۆن لێک بدەم ؟
هەتا  شیعرێ بێتە بەرهەم
کە ئیلهام لە تۆ وەرگرم
ئە بێ  وەک خۆت
جوان بێ شیعرم

دارەشمانە/ ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٨٦



# مەرگی بێ دەنگ




CamScanner

من  ئەزا نم
لەوە زیاتر تۆم خۆش بوێ
خوێنم ئەکرێتە کاسەوە
نە ئیزگەیەک باسم دەکا
نە هەواڵی کوشتنیشم
ئەخرێتە دەنگ و باسەوە

بەهاری ١٩٨٦



CamScanner




# گەڕانەوە

شه پۆلێکی سەر هەڵگرتووم
لە ناوەڕاستی دەریاوە
بەرەو کە نار بەرێ کەوتووم
بەرەو ڕووبار و جۆگەکان
لە دیجلەوە
بەرەو سیروان ئەکشێمەوە
ئەگەڕێمەوە بۆ کوێستان
ئەبمەوە بە کولووی بەفر
هەوڵ ئەدەم نە توێمەوە
گەر توا شمەوە ئەبم بە هەور
ئەچمەوە بۆ ناخی ئاسمان
جارێکی تر ئەبارێمە
سەر شاخ و دۆڵی کوردستان

هەولێر/ نیسانی ١٩٨٦



CamScanner



# مەسیحی تر[7]

له خەوما بوو

منیان کوشت و

تۆیان دا بە کوڕی سوڵتان

بەو چاوانەی خۆم ئە مبینی

هە ڵیان ئە کێشام بۆ ئاسمان


هەرچی مردووی شاریش هەیە

هاواریان کرد :

مەسیحێ تر

بوو بە هاوڕێ ی ئەستێرەکان

سلێمانی /١٣ ی ئابی ١٩٨٦



# داگیرسان

شەوا نە کە دا ئەگیرسێم
هەر پێکە خەم ئەخۆمەوە
تەمەنی پڕ لەجەنجاڵیم
سەرە دەزووی کێشەکانی
ئاڵۆزکاوە
تاوانە گەر
تۆ ببەستم بە خۆمەوە

هەولێر / ئابی ١٩٨٦



CamScanner



# که تۆ نەیەی شیعریش نایە

ئێستا عەشقت
لەگەڵ خوێنما تێکەڵاوە
بڵێ ی جارێ تر بتوا نم
چیرۆکی ئەم حەزە شێتە
بکەم بە یەک دوو هۆنراوە ؟!
گەر ئەمتوانی
هەرچی خەمی دەروون هەیە
ئەمدا بەدەم ڕەشەباوە
هەر بۆ ئەوەی
لە فەرهەنگی دڵداریدا
هەرچی وشەی ڕەنگین هەیە
تەرخانی کەم بۆ باسی ئەو جووتە چاوە
من نازانم ..
تۆم خۆشتر ئەوێ یان شیعر ؟
ئێوە هەردوو لە ناو خوێنما گەورە ئەبن
بە ناو خوێنما دێن و ئەچن
گیانە شیعریش وەک تۆ وا یە
گەر تۆ نەیەی ئەویش نایە

سلێمانی /پایزی ١٩٨٦



CamScanner



# بەیانی هەر دێ[7]

بەیانی هەردێ، لەگەڵ گزنگا، خۆری شۆخ و شەنگ

تیشکی ئەنێرێ، بۆ شارو لادێ، جوان و ڕەنگا و ڕەنگ

دە ئەی خۆرەکە، تیشکی زێڕینت، بدە لە گیانم

تا ڕۆشن تر بێ، ڕێ ی پاشە ڕۆژم، بۆ دوور بڕوا نم

ڕێگەی داهاتوو، دوورو درێژە، هەمووی هەورازە

ملی ڕێ ئەگرین، هەرگیز کۆڵ نادەین، هەرچی هاوڕازە

ئەوسا فریشتە، کە گەڕامەوە، لەو ڕێگە دوورە

بیدە لە سەرت، چڵێ نێرگزو گوڵاڵە سورە

بۆ پیرۆزبایی، لە دەشت و دەرا، بە خۆشی و شادی

ئەیکەینە بەزم و شایی و هەڵپەڕکێ و گەردن ئازادی

سلێمانی/١٩٨٦

# بمكوژە .. ئەوسا جێم بێڵە

مۆمێکی تری تەمەنم دا گیرسان و
هەر دیار نە بووی
تا لێم پرسی : بۆ وا ماتی
نە با هەواڵی تۆی پێ بوو
نە لەگەڵ بارا نا هاتی
وەک کۆچەری دەوار بە کۆڵ
هەر گەرمیان و کوێستان ئەکەم
ئای لە خەمی بێ وڵاتی

*　　*　　*

دەوەرەوە .. خۆ تا ئێستا
سەفەرێکم نە هاتە بەر
کۆچەی بەرەو ژوور نەبێ
بمتوانیایە .. ڕێگاکانم ئە پێچاوە
هەر بۆ ئەوەی
ماوەی نێوا نمان دوور نەبێ

*　　*　　*

دەوەرەوە

با ئەوەندە بێ تۆ نەبم

کە تۆ ون بی

منیش ونم .. نامۆ نەبم

*　　*　　*

دەوەرەوە

گەر ئەمجارە ویستت بڕۆی

ویستت تە نیا بە جێم بێڵی

بمکوژە .. ئەوسا جێم بێڵە

با زریانیش

لاشەم لەگەڵ خۆی ڕاپێچێ

بڵێ ی کوژراو گوێ بداتە

سەرما و باران و ڕەهێڵە


هەولێر/ زستانی ١٩٨٧



# خەمی گەورە

من خەمێکی گەورەم پێ یە
نازانم بۆ کێی هەڵڕێژم
ساڵە هایە .. وەکو قابیل
لاشەی هابیل لە کۆڵمایە
پێم بڵێن لە کوێ بینێژم

زستانی ١٩٨٧



ئەوە خوێنم یادگاری

دوا ژوانی پێ بنووسە

ویستم بەرگی

غوربەتی خۆم دا بماڵم

ڕووم کردە تۆ

وتم بە ڵکو چاوەکانت

تیشکێ بدەن

لە تەمەنی هەڵکشاوم

وتم بە ڵکو پێکەنینت

فێنکی بێ.. بۆ برینی خوێن تێزاوم

هە نگاوم نا ..،

هەر بێ تۆیی بوو سەفەرم

گەڕامەوە ..،

هەر نامۆیی هاوسەرم

*   *   *

چی هێمنی

ئەدا بە دڵی دێوانەم ؟

چۆن ئارام بم

تا لە ناخما سووتان هەبێ؟

چۆن نەگریەم

هه تاکودابڕان هه بێ ؟

من شاعیری ..خەم هه ڵگری

نه نوستووی ڕۆژ و شەوا نم

ویستم به ناو نیگاکانتا

بڕژێمه چاوەکانتەوە

بگەمەوە نیشتمانم

*       *       *

من بووم تەختی

خواوەندی عەشقم ڕاوەشان

من بووم تۆم کردە شێخی خۆم

چوومه ناو کۆڕی دەروێشان

نه دوعای زۆرم کاری کرد

نه دڵم لەلات باری کرد

*       *       *

بێ بەزەیی تۆ لەلای من فریشته بووی

له بەر تریفەی زیوینی مانگه شەوا

به شیعری من خۆتت ئەشت

که به ڕووتی دەر ئەکەوتی

هەر گوڵ ئە ستێرە بوو لە شت

*   *   *

ئەوە خوێنم

یادگاری دوا ژوانی پێ بنووسە


ئەوە دڵم

بیکە بە کاسەی قوربانی

سلێمانی/ ٢٧/٢٨/مایسی ١٩٨٧



CamScanner



# عەشقی ئێمە



CamScanner

ئه ڵێن گوا یه
من شاعیرێکی ڕۆمانسیم
ته نیا باسی
خەمی دووری و
گۆشه گیری و
یادی ڕابردووی خۆم ئەکەم
له شەوانی داگیرسانا
کپ و بێ دەنگ
خامۆش و مەنگ
حەز به سوتانی مۆم ئەکەم
ئەیانەوێ ئیتر هەرگیز باست نەکەم
نەک له شیعرا
له خەونیشا ناوت نەبەم
نازانن تۆ پایتەختی وڵاتی
دڵ بووی
له چاوانتا هەتا تێر بووم
گه لێ وانەی
عه شق و خۆشەویستی فێربووم

عه شقی ئێمه

بۆ کپ بوولی

دوای خرۆشانی لەش لە بوو

بە ڕواڵەت بەرگ سپی و

لە ناخی ناخیا ڕەش نەبوو

عەشقی ئێمە

زۆر خاوێن بوو

هی ناو شادەماری خوێن بوو

*　　*　　*

هەن هەر لە ناوت ئە پرسن

بۆ ڕەنگی چاوت ئە پرسن

هەن ئە لێن ئێستا لەکوێ یە ؟

لێرەیە یاخود لە وێ یە ؟

هەن ئە لێن ئێستاش هەر جوا نە؟

وەکو جارانی جارانە ؟

هەن ئە لێن دەستی زەمانە

بۆ کام هەواری بردووە ؟

هە تا ئێستاکەش هەر کچە

یان دەمێکە شووی کردووە ؟
هەن ئەپرسن
ئەڵێن ماڵ و حاڵی هەیە ؟
هەن زۆر لەوە زیاتر ئەڕۆن
ئەڵێن چەند منالی هەیە ؟
* * *
بەلأم ئێستاش لە هەر کوێ هەی ..
فریشتەی تەمەنی لاویم
بە هەناسەی لای تۆ ئەژیم
بۆ تۆیە شیعری گڕاویم

هەولێر /نیسانی ١٩٨٧



# پاک بوونەوە

مه هێڵه .. با

وەک درەختێکی ڕووتەڵه

هه ست به غەریبی خۆم نەکەم

ئه مشه و باران

هه موو گیانی شتوومەوه

هێندەی لێدام

گوناهەکانم وەریون

بەڵام هێشتا

له عەشقت پاک نەبوومەوه

* * *

ئەی زامه دێرینەکەی دڵ

لەو ڕۆژەوه که دەستم له تۆ شتووه

وەک دەروێشێک

ڕۆحم لەبەر

بارانی ڕەحمەتی خوادا هه ڵخستووه

شوباتی ١٩٨٨



CamScanner



# ئەو

کەس نەمابوو
نەزانیٚ کە خۆشم ئە ویٚت
هیٚندە سەیری چاوی یەکترمان کرد بوو
ئیٚستا هەردوو
چاومان لە یەکتری ئەچیٚت
شیٚتانە خۆشی ئەویستم
شیٚتانەش ڕۆیی و جیٚ ی هیٚشتم
بۆیە جار .. جار
زمانی هۆشم پیٚم ئە ڵیٚت
نەفامە ئەو کەسەی دڵی
بداتە دەست کچیٚکی شیٚت

سلیٚمانی /زستانی ١٩٨٨



# چاوەکانت

چاوەکانت بێ دەنگ ئەدوێن
نیگا ئەکەن زۆر شت ئەڵێن
ئەوەی بەدەم نایدرکێنی
ئەوەی لات بۆتە نهێنی
هەر کاتێ سەرنجیان ئەدەم
ئاشکرا لێ یان تێ ئەگەم
*   *   *

چاوەکانت جووتێ خۆرن
وان بە ئاسمانی دڵەوە
سروشت تیشکی لێ دزیون
وا بە ڕوومەتی گوڵەوە
گوڵیش بۆیە پێکەنیوە
خەندەی لە لێوت دزیوە
چاوەکانت جووتێ چران
بۆ ڕووناکی ڕێم هەڵکران
لە ڕێ ی سەختی بە رەو ژوورا
بە شوێن هیوای بەرزو دوورا
نیگایان وزەو تینمە
تێشووی سەفەری ژینمە

سلێمانی / ١٩٨٧/١١/٧



# بارانه شیعر



CamScanner

خه می له یه کتر دابڕان

ترسه‌و له‌گه‌ڵ هه ستمدا یه

بۆیه ده‌بینی هه‌میشه

دڵم له ناو مستمدایه

* * *

من ئه‌وه‌نده‌م تۆ خۆش ئه‌وێ

ڕه‌نگه دڵم

ببێته په‌ڵه هه‌ورێک و

به سه‌ر باڵاتا بباری

له جێی باران

هێدی .. هێدی

سۆزوشیعر بێته خواری

پایزی ١٩٨٨



# ئەمشەو بێ دەنگی

# دەمکوژێ

کێ یە ئەمشەو
لە دەرگای ژوورەکەم ئەدا ؟
ڕەنگە با بێ
لەو دوورەوە ملی بۆ ئەم ناوە نابێ
دەبێ ئێستا
دوو کەڵی ئاهی چەند دڵی
لە قولایی دەروونا بێ ؟

*　　*　　*

ئە مشەو  بێ دەنگی دەمکوژێ
نە با بەهاناما دەگا
نە ئەو ئەستێرە کزبووەی
لە پەنجەرەوە دەیبینم
ئەم دیوارە شێ گرتووەش
هاکا.. بە سەرما .. دارما
ئە مشەو بێ دەنگی دەمکوژێ
کێ بێ لەگەڵ سۆزی گەرما
دەستی ناز بێنێ بە سەرما ؟
بێ تۆ پایزێکی وشکم
ڕۆژەکانم ڕەق هەڵاتوون

هەولێر / ١٩٨٩/١٠/٥



# سۆزی دووری

هەرچی دەکەی

مەمدە بە دەست گومانەوە

چاوەڕوانی نیوەی تەمەنی دزیوم

ئاخۆ چەند ساڵی تر بژیم

بە دڵێکی وێرانەوە

ڕەنگە سبەی

شێوەتم بیر بچێتەوە

حەسرەتی خەمێکی گەورە

خەمی دووریت بسڕێتەوە

بەڵام هەموو هەناسەیەک

هەست بە شنەی ڕۆحت ئەکەم

بە سەرمەوە.. ئەخولێتەوە

نیسانی ١٩٩٠

# هۆنراوەیەکی تایبەتی

هەر ئەو ڕۆژەی
دەرگای دڵم
بۆ خۆشەویستیت کردەوە
یاسای سنوورت شکاندو
چوویتە وڵاتی دڵمەوە
لای خۆمەوە
ناسنامەیەکم بۆ کردی
هاتیتە سەر شانۆی ژینم
بووی بە یەکەمین ئەوینم
هەر لە یەکەم گفتوگۆوە
دوا ڕۆژی خۆم
بەست بە خۆشەویستی تۆوە

*　　*　　*

کەس نازانیٚ و
خۆم ئەزانم
چۆن و چەندەم خۆش ئەویستی
بارستایی ئەم زەمینەی



CamScanner

جێگای عەشقی
من و تۆی تیا نە بۆتەوە
چەند گەورە یە؟
سەد ئەوەندەم خۆش ئەویستی
* * *

ئەگەر کەسێ
لە ئەوینی پاک ئەپرسێ
بابێ لە لای من بپرسێ
من ئەزا نم ئەو ئەوینە
چۆن بە ئێسقانا ڕۆ ئەچێ
من ئەزا نم بەو ئەوینە
خوێنی دڵ چۆن دا ئەگیرسێ
* * *

من تا ئێستا
عەشقێکی وەک ئەوەی خۆمم
لە هیچ شیعرو ڕۆمانێکا
لە هیچ چیرۆک و ئەفسانەو
قسەی گوێ ئاگردانێکا
نەبیستووە
بۆیە زۆر دڵنیام لەوەی
هەرچیم دوای تۆ خۆش ویستووە
تەنیا لە بەر ئەوە بووە
شێوەیەکی لە تۆ چووە

تەموزی ١٩٩٠




CamScanner



( .............. )

وا من لە شوێنی خۆمەوە
دانیشتوم و
بە پەرداخی نیگاکانم
لە شەربەتی لێوەکانت
ئە خۆمەوە
هە تا تۆ هاونشینم بی
من بەستراوم بەم شوێنەوە
دە تۆش گیانە
وەک کتێبەکەی بەردەمت
وەک ڕۆژنامەکەی بەردەست
تە نیا جارێ بمخوێنەوە

تەموزی ١٩٩١



( .............. )

دانیشتن لەگەڵ تۆ خۆشە
سەرنجت گولاو پرژێنە
چرپەی نەرمت
خەم ڕەوێنە
ئە جوڵێ ی عەترت لێ ئەڕژێ
ئەدوێ ی عەترم لێ ئەپرژێ
بۆیە خۆشە لەگەڵ تۆ بم
هەر خەریکی گفتوگۆ بم

پایزی ١٩٩١


## ( ............ )

که لەگەڵ تۆ دا ئه نیشم
خۆشه کات بوەستێ و نەڕوا
چونکه جوانی تۆ بۆ بەندە
به شێکه له به زەیی خوا

پایزی ١٩٩١



CamScanner



# خۆشەویستی

خۆشەویستیت یەخەی گرتووم
کۆت و بارێکی گرانە
بە سەر شان و یەخەمەوە
بۆیە زۆرجار
ئەڵێم ئیتر
خۆمت لێ دوور ئەخەمەوە
چیم داوە لە خۆشەویستی
چیمە بە سەر
داخ و مەینەت و خەمەوە
بەڵام لەگەڵ
یەکەم نیگای سیحراویتا
خۆم ئەبینم
بە ناچاری
باوەشت بۆ ئەکەمەوە

١٩٩٢



CamScanner

# تۆ

تۆم خۆش ئەویٚ
تۆ خۆت هەرچۆنی تیٚ ئەگەی ؟
تا چەند گرنگی پیٚ ئەدەی ؟
با وا بیٚ وەک خۆت ئەتەویٚ
من هەر ئەوەندە ئەزا نم
کە ناچارم تۆم خۆش بویٚ

زستانی ١٩٩٤



CamScanner



# بەیانیت باش



CamScanner

بەیانیت باش

خۆشە لەگەڵ

دەنگی جریوەی چۆلەکەو

شنەی شەماڵی بەیانا

گوێم لە دەنگ و

چرپەی تۆش بێ

بەیانی باشێکم بە سە

بۆ ئەوەی کە

ڕۆژەکەم هەمووی هەر خۆش بێ

زستانی ١٩٩٤



CamScanner

## خولیا

لە وەتەی کە بیستومە دێ ی
ئەڵی ی شیرینیم ئەدەنێ
لەو ڕۆژەوە
هەموو دنیا
بە دەممەوە پێ ئەکەنێ
هەر ئەڵێ ی لە سەر ئاگرم
تاوێ جێ بە خۆم ناگرم

*   *   *

تاکەی ئاوا بۆت بسوتێم ؟
تا سەر ئێسک خۆشم ویستووی
کەچی ناشتوانم پێت بڵێم
ئای خۆزگە ئێستە ئەمزانی
کە چۆن و چەندەت خۆش ئەوێم

*   *   *

خۆشەویستی چارەنوسە
بۆ کوێ بڕۆم

له سەر ڕێمە

گیانە عەشق وەکو خوێنمان

بە شێکە

له بوونی ئێمە

عەشق فرمێسکی بە خووڕە

تا سەو سۆزی گەرم و گوڕە

عەشق خولیا و هۆگر بوونە


هەرگیز لە یەک تێر نە بوونە

زستانی ١٩٩٤

( ________ )

له سه‌یوانی شاری دڵما
گه‌لێ ئاوا تم ناشتووه
مه پرسه کێم خۆش ویستووه
من ئێستا که تۆم خۆش ئه‌وێ
دڵم لای تۆ جێ هێشتووه

١٩٩٥



# ئێستاش چاوەڕێم بێیتەوە

ئێستاش چاوەڕێم بێیتەوە
بە هێمنی وەکو جاران
دەرگای ژوورم بکەیتەوە
ئێستاش چاوەڕێم بێیتەوە
* * *

تەمەن زۆری تێ پەڕیوە
هەمویم هەر لە کیس چووە
تە نیا ئەو ساڵانە نەبێ
کە تۆم تیایا خۆش ویستووە
* * *

خەمی تۆ لای کێ باس بکەم ؟
چی دڵی من ئەداتەوە ؟
عەشقی تۆ چۆن پێناس بکەم ؟
بەچی دڵ ئاو ئەخواتەوە ؟
* * *

گیانە با بە ڕا ستیش نەبێ
بنووسە بڵێ دێمەوە
با ئومێدی گەڕا نەوەت
شەماڵ بێ پێ ی بشنێمەوە

١٩٩٤



CamScanner

# کە پیر دەبی

کە پیر دەبی
کە تە نیا و گۆشە گیر دەبی
کە کۆرپەکانت گەورە بوون
هەموو بە شوێن چارەنووسی خۆیانا چوون
ئەوساکە زۆر بە غەمگینی
لە سووچێکی لە بیر چووی ئەم دنیایەدا
خۆت دەبینی
بە ناو تەمەنی پیریتا
گەر بڕوانی
هیچ نابینی
جگە لە کۆمەڵێ یادو چاوەڕوانی
*　　*　　*

کە پیر دەبی
کە دڵت ناسک دەبێت و
لە هەموو شت دڵگیر دەبی
شتێک نی یە

دڵی پیریت بداتەوە

کە سیَ نی یە

بوخچەی خەمت بکاتەوە

گەر ئاوڕێک لە تەمەنی گەنجێتی خۆت

بدەیتەوە

جار بە جاریَ لە ئەلبوومی

یادەکانت وردبیتەوە

من دەبینی

خاوەنی حەزێکی شێت و

تەمەنێکی ون دەبینی

ئابی ١٩٩٣



CamScanner

# یەکگرتووبن

یەکگرتووبن
بۆچی وەکو گەڵای وشکی بابردووبن
یەکگرتووبن .. هەر یەکگرتن
دەتان خاتە سەر ڕیٚ ی  ئازادی و سەرکەوتن
هەر یەکگرتن
دەتان کاتە  قەڵای تۆقیٚنەر بۆ دوژمن
* *        * *        * *

یەکگرتووبن
لاشەی هیلاکی چەند ساڵمان
برینی زۆری پیٚوە یە
بۆ گەیشتن بە ڕووناکی
چاومان لە دەستی ئیٚوەیە
لە ناو یەکا یەکگرتووبن
لە تیٚکۆشان بیٚ پشووبن
بۆچی وەکو گەڵای وشکی
بابردووبن
یەکگرتووبن
* *        * *        * *

یەکگرتووبن

یە کێتیتان داوای ئەم پیرو گە نجە یە

تە بایتان قە تماغەی برینی زیندووی

شەهیدانی هە ڵە بجە یە

لە تێکۆشان بێ پشووبن

لە ناو یەکا یەکگرتووبن

بۆچی وەکو گەڵای وشکی بابردووبن

یەکگرتووبن

* *      * *      * *

یەکگرتووبن

یەکگرتنتان ئاوەدانی

شارو گوندی کوردستانە

یەکێتیتان تۆڵەی هەزاران شەهیدی

هێرشی ئە نفالەکانە

یەکگرتووبن .. یەکگرتووبن

بۆچی وەکو گەڵای وشکی

بابردووبن .. یەکگرتووبن

پاییزی ١٩٩٢

## حەوتی سێ

حەوتی سێ بوو
دەنگو باسی شۆڕشمان پێ گە یشتبوو
بۆیە دوژمن ڕەنگی مەرگی لێ نیشتبوو
سلێمانی ئەو شارەی کە
چەندان ساڵ بوو لە ئێشا بوو
مەردانە لە هێرشا بوو.. خرۆشابوو
دوژمن لە کوێوە خۆی بگرێ
لە کاتێکا کە هەر یەکێ لە ڕۆڵەکانی
شارەکەم ..،
ئامادەبوو بێ باکانە بۆ کورد بمرێ
حەوتی سێ بوو
لە سپێدەی ئەو ڕۆژەدا
خۆر هەواڵێکی نوێ ی پێ بوو
بەڵێ چەند ساڵ پێش ئێستا بوو
خەڵکی شار لە خەو هە ستابوو
ڕاپەڕیو بوو

خاوەنی ڕق و هەڵمەت بوو
نەبەزیو بوو
ئەیویست بە خوێن
تۆڵەی هەزاران شەهیدو
هەزارانی بێ گوناهی ئەنفال کراو
بکاتەوە ..
تۆڵە ئەیوت حەرام زادەیە ئەو کەسەی
هەڵەبجە لە بیر باتەوە
تۆڵە ئەیوت پشتێنتان توند بکەنەوە
جارێکی تر لە هەڵمەتی شێرا نە دا
هەموو بەیەک بگەنەوە
ئەم دەڤەرە پڕ لە بە فرو سەرماو سۆڵە
ئەم دەڤەرە پڕ لە شاخ و دەشت و دۆڵە
خوێنی پیاوەتی جۆش ئەدا
تینووی خوێنە .. خوێنی تۆڵە
بەڵێ من شایەتی مێژووم
حەوتی سێ کوردایەتی بوو
حەوتی سێ مەردایەتی بوو



# نامەیەک بۆ فاتیکان



CamScanner

منداڵەکانی فاتیکان
ڕۆژێ لە (پاپا) بپرسن
گەلێک هەیە بەناوی کورد
خاکێک بەناوی کوردستان؟
گەر نازانێ ، باپێی بڵێم
خاکێکە ڕۆژێ لە ڕۆژان
دزو دڕندەو ناحەزان
لە چەند لاوە دەمیان تێژەن
نینۆکی قینیان تێچەقان
لە دواییشا
کوردیان ناونا دزو جەردە
لەبەرئەوەی
ویستی بژی وەکو ئینسان
* * *
منداڵەکانی فاتیکان
لەو ڕۆژەوە کوردی ڕۆڵەی بەفرو چیا
تفەنگی حەقی کردە شان
پێشمەرگەیە بۆ ڕێی ژیان
نموونەیە بۆ تێکۆشان

دارەشمانە ١٩٨٦/١/٢٧


# دەبێ چۆن بم

دەڵێی: چۆنی ؟
دەبێ چۆن بم
کەمن گیانە
پاشماوەی عەشقێکی کۆن بم
کەمن ڕێگەی
هات‌و نەهاتم لەبەربێ
کەمن زامم
لە پێ هەتا تەوقی سەربێ

بەهاری ١٩٨٥



CamScanner



# دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانی خەم



CamScanner

بەتەنیایی، بەبێ چرپە، لە گۆشەی خەما وەستاوم
ئەگریم بەکوڵ وەکو هەور، فرمێسک ئەبارێنێ چاوم
لە کەین‌وبەینی ڕۆژگارە ئەمن تاماوم تێ ماوم
دڵی خۆم خۆش ئەکەم جارجار بەزەردەخەنەی تاوتاوم
بەڵام چی بکەم، گەر وانەکەم ، وەک دیوارێکی ڕوخاوم
یان پارچەیەکی بێ گیانم، لەسەر ڕێی لافاو وەستاوم
سەردەمێکە بۆیە لاشەم هەروا لاوازو بێ تینە
بووکی ئاواتم داوەتە بەر خەنجەری ڕق‌و کینە
ڕووناکی ئاسمانی ژینم تاریکییەکی چین چینە
ڕۆژگارێکم ڕۆژم لەشەو، شەوم لەڕۆژم بەقینە

* * *

هەر ورتەم دێ‌و هاوارئەکەم هەروا خۆشم لەخۆم ناگەم
هەر فرتەم دێ‌و لەڕێگادام،هەرچەند ئەکەم بەخۆم ناگەم
ڕێگا دورە ، تەمەن کورتە، هەتا بڕۆم، هەر پێ ناگەم
کەمن ئەژیم بۆچی ئەمرم لەم کاروبارە تێناگەم
ڕێی ژین سەختە ترسناکە دڕکێکی زۆر لەڕێیدایە
ئەوەی نەیدیوە بۆی دێت‌و ئەوەی تێیدایە پێیدایە
بەهاری ژین کەئاوابێ ، ئەبێ پاییزی خەم چۆن بێ
ئەبێ خەمێکی تازە بێ هەتا هاوڕێی خەمی کۆن بێ
کە جاربەجار پێ ئەکەنم مەزانە دڵخۆشم هەرگیز
چونکە ئەزانم دوای بەهار تەمەن ئەڕوا بەرەو پاییز
بەڵێ گیانە ژیان وایە کەسێ گەر خەم نەبێ نابێ
کەچی تازە دێوانەی دڵ گەر باڵای شەم نەبێ نابێ

١٩٧٧




# هەڵەبجە

خەڵکی بۆ مەرگی ئازیزێ
دوو ڕۆژ پرسە دائەنیشن
ساڵێک بەرگی ڕەش ئەپۆشن
ئەدی ئێمە
لەمەرگی هەڵەبجەی جوانا
چەند ڕۆژ بۆ پرسە دانیشین؟
چەند ساڵ بەرگی ڕەش بپۆشین؟

١٩٨٨



CS CamScanner



گـــەر

گەر برینیشم هەڵکەنن
قەتماغەکەی هەڵبەنەوەو
پڕیشی کەن لەترش و خوێ
بالەسەرە مەرگیشابم
هاوار ئەکەم .. تۆم خۆش ئەوێ

* * *

من چیم هەیە
لەناو خەڵکا پێی بنازم
تەنیا تۆم هەی
بینای چاوان
گەرتۆم فرۆشت ، یان تۆم دۆڕان
ئیتر چۆن ڕووم بێ جارێ تر
بچمەوە ناو کۆڕی پیاوان

بەهاری ١٩٨٨

---

ئەم شیعرە لە میهرەجانی شیعری یەکەمی لاواندا لە بەهاری ١٩٨٨ دا خوێندراوەتەوە.



CamScanner



هەتا بدوێ.. لەناو گوێما
دەنگت زیاتر بەجۆش ئەبێ
کە بانگم ئەکەی «فەرەیدوون»
ناوەکەی خۆم لا خۆش ئەبێ

فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی

٢٠٠٤